# ئامانجی تورکیا تەنیا پەکەکەیە؟




**عارف قوربانی**

کورد وەك نەتەوە بەگشتی، توانای بیرکردنەوەمان لە داهاتوو لاوازە. نوخبە و حیزبە سیاسییەکانیش کە پێویست بوو پلان و ستراتیجی دوورمەودا دابڕێژن و ئاراستەی کۆمەڵگە بەو ئاقارە بەرن، ئەوانیش هەر لەناو بازنەی رابردوودا دەخولێنەوە. ئەوەندەی دامەزراوە و ناوەندی یادەوەریمان هەن بۆ تۆمار و هەڵسەنگاندنی رابردوو، یەك لە سەتی ئەوە دەزگای ستراتیجیمان نییە بۆ داهاتوو بیربکاتەوە. هەربۆیە ئەو قسەیە دروستە کە تورکەکان دەڵێن: خۆزگەمان بە عەقڵی کورد، لە دوای رووداوەکان.

لەبەر ئەوەی خۆمان ستراتیجیانە بیر ناکەینەوە و بە پلانی ستراتیجی کار ناکەین، بۆیە توانای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ستراتیجی نەیارەکانیشمان نییە، وا دەزانین ئەوانیش وەك ئێمە هەر مامەڵە لەگەڵ رۆژ دەکەن. بۆیە زۆرجار تووشی هەڵەی گەورە دەبین لە جۆری مامەڵەکردنمان لەگەڵ رووداوەکان، بەو هۆیانەشەوە هەمیشە قوربانی و باجێکی زۆرمان بەخشیوە. ئێمە لە مێژوویەکی دوورەوە بەو جۆرە هاتووین و پێدەچێ بۆ داهاتوویەکی دوورتریش وا بمێنینەوە.

لە عێراقدا، ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٩١ پێنج جار میللەتەکەمان جینۆساید کراوە، )پاکتاوی رەگەزیی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان، ئەنفال و هەڵەبجە). ناتوانین ئەمە وەك خۆی بخوێنینەوە و بیبەستینەوە بەو ستراتیجەوە کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە. خۆمان دەخەینە بەردەم پرسیار و لۆمەی ئەوەی (ئەگەر کورد شۆڕشی نەکردایە، ئەو رووداوانە روویاننەدەدا). ناپرسین ئەی لە بنەڕەتدا شۆڕشی کورد بۆ هەڵگیرسا؟

تورکیا لەشکری هێناوەتە سەر باشووری کوردستان و رۆژ لە دوای رۆژ جوگرافیای داگیرکارییەکەی فراوان دەکاتەوە، زۆر کەس دەڵێن کێشەکە وجودی پەکەکەیە لەو ناوچانە. لە خۆمان ناپرسین ئەی لە بنەڕەتدا پەکەکە بۆچی هەیە؟ یان داگیرکردنی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە دەبەستنەوە بە وابەستەیی کوردی رۆژئاوا بە پەکەکەوە. یان خەڵکانێکی کورتبین داگیرکردنی کەرکووك و جینۆسایدی

خورماتوو دەبەستنەوە بە (ریفراندۆمەوە). ئەمە نیشانەی ئەوەیە کورد میللەتێکە توانای خوێندنەوەی ستراتیجی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نییە، لەبەر ئەوە هەمیشە پاساو بۆ رەفتارە داگیرکارییەکانیان دەهێنینەوە و ئۆباڵەکەشی دەخەینە ئەستۆی کورد خۆیەوە.

هەرێمی کوردستان وەك دیفاکتۆ و دەرئەنجامی شەڕی کەنداو، بەهۆی مانەوەی سەدام وەك هەڕەشە و مەترسییەك لە ناوچەکە، قبووڵ کرا. وەك پێویستییەکیش بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی لە راگرتنی هاوسەنگی و جوگرافیایەك بۆ قۆناغەکانی داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا، هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی لە ناوخۆشدا چەند ساڵێك خەریکی شەڕی براکوژی بووین، بەڵام بەپێوە راگیراین .

پەیڕەوکردنی جۆرێك لە سیاسەتی دروستکردنی بەرژەوەندی بۆ هەریەك لە ئێران و تورکیا، هەروەها دەستەبەرکردنی سەقامگیری لەناوخۆی وڵاتەکانیان بەهۆی هەرێمەوە، ئەوەی لێکەوتەوە کە ئەم جوگرافیایە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عێراق قبووڵ بکەن. هەروەها بەهۆی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا وەك پێویستییەکی سەقامگیریی ناوخۆیی، کورد لە باکووری کوردستانیش زۆر چوونە پێش. شانبەشانی ئەوەش بەهۆی دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی و دواتریش سەرهەڵدانی داعش لە سووریا و عێراق و بەستنەوەی کورد بە سەقامگیریی جیهانییەوە، کورد لە رۆژئاوای کوردستانیش بناغەی خۆبەڕێوەبەرێتییەکیان دانا. ئەم دوو پێشهاتە بوونە هۆی باڵاکردنی کورد و کێشەکەی، بە ئەندازەیەك کە دەبێت جیهان وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بیر لە هەڵوەشانەوەی سایکس پیکۆ بکاتەوە .

ئەم باڵاکردنەی کورد لە ناوچەکە، هەڵوەستەی بەریتانیای وەك داڕێژەر و ئەندازیاری نەخشەی ناوچەکە و وڵاتانی سەردەستەی بەدوای خۆیدا هێنا. هەریەك لە تورکیا و ئێران بە نوێنەرایەتی سووریا و عێراقیش، سەرباری بوونی کێشە و ناکۆکیی زۆر لە نێوان خۆیان، سەرەڕای جیاوازیی ستراتیجیان و مەترسیی هەریەکیان لە هەژموونی ئەویتر، کێشە و ململانێکانی خۆیان هەڵپەسارد و کەوتنە داڕشتنی پلانی هاوبەش بۆ رێگری لەو باڵاکردنەی کورد و بچووککردنەوە و لەقاڵبدانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان. لە دوو ساڵی رابردوودا دیدارەکانی نێوان خامنەیی و ئەردۆگان، کۆبوونەوەی چەندبارەی سوپاسالاری هەردوولا، کۆبوونەوەی بەردەوامی دەزگا هەواڵگرییەکانیان، دواتریش کۆبوونەوەی سێ قۆڵی و چوار قۆڵیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، هەمووی بۆ داڕشتنی پلان و نەخشەی لێدان لە کورد بوو .

ئۆکەی و چاوپۆشیی تورکیا وەك پشتکردنە (پارتی) لە داگیرکردنی کەرکووك لەلایەن ئێران و عێراقەوە بە رەزامەندیی بەریتانیا بۆ بێدەنگکردنی ئەمریکا و ئەورووپا. ئۆکەی و چاوپۆشیی ئێران و سووریا وەك پشتکردنە (پەکەکە و پەیەدە) لە داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە. لەشکرکێشیی تورکیا بە رووکەش بۆ لێدان لە پەکەکە لە قووڵایی هەرێمی کوردستان بە بەرچاوی بەغداوە، بردنی حەشدی شەعبی بەناو خاکی ئێراندا

لە سنووری عارەبستانەوە تا ناوچەی سێ سنوور لە پشتی حاجی ئۆمەرانەوە بۆ قەندیل، هەموو ئاماژەی بوونی هەماهەنگیی زۆر گەورەن لەنێوان هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان و ئامانجەکەش چوونەوە سەر ئەو ستراتیجەیە کە نابێت رێگە بە باڵاکردنی کورد بدرێت لەژێر هەر ناوێکدابێت.

بۆیە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان و دواتر بۆ قەندیل، بێدەنگیی بەغدا لە پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی، ئاسایی نییە. پێویستە بە یادی خوێنەرانی بهێنمەوە یەك رۆژ دوای داگیرکردنی کەرکووك، واتا لە ١٧ی ئۆکتۆبەر، کە بەهۆی بەرژەوەندیی ئابووری لە کەرتی نەوت، بێدەنگیی تورکیا لە داگیرکردنەوەی کەرکووك وەك شۆکێك وابوو، عەبادی گوتی ئێمە و تورکیا هەماهەنگیمان هەیە بۆ نەهێشتنی تیرۆر لە هەر شوێنێك بێت و لە داهاتووشدا پێکەوە لەناویاندەبەین .

چەندبارەبوونەوەی دیداری لوتکەی تورکیا و عێراق و کۆبوونەوە نهێنییەکانی دەزگا سەربازی و هەواڵگرییەکانیان لە شەش حەوت مانگی رابردوو، هەروەها لەهەمان ئاستدا لە نێوان عێراق و ئێران، دەبێت گەلی کورد بزانن تەنها بۆ پەکەکە نییە، پەکەکە تەنیا پاساوەکەیە. ئەگینا پلان و بەرنامەکە بۆ پەکەکە و بۆ بزووتنەوەی کوردییە لە کوردستان، بۆ لەقاڵبدانی هەرێمی کوردستان و بچووککردنەوەیەتی لەم قۆناغەدا، پێکەوە ئەم پەلامارانەی تورکیا و گوشارەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی نەوت لەدەستی هەرێم دەربێنن، کە هەرێم چەند داهاتی دەستکەوتووە لە نەوت، لەوە زیاتر وەك ئامرازێك بۆ دروستکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتان لە کوردستان بەکاری بردووە، هەروەها هەوڵی دوو لایەنەی عێراق و تورکیا بۆ کردنەوەی دەروازەی تری پەیوەندیی ئابووری کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان عێراق و تورکیا پێکەوە ببەستێتەوە، ئامانجگەلێکی روونن بۆ لەقاڵبدانی هەرێمی کوردستان و لە داهاتووشدا بۆ نەهێشتنی قەوارە دەستوورییەکەی.

بۆیە پێویستە هەر کوردێك کە لە خەمی ئایندەی نەتەوەکەیەتی، لەوە بەئاگابێت پیلانێکی گەورەی هەرێمایەتی لەدژی کورد لەئارادایە و لە هەر جێگەیەك ئەم پیلانە رابگیرێت، لە بەرژەوەندیی کوردە. ئەمەش بەو مانایەی دەبێ بێگوێدانە ئایدیۆلۆجیا و بیری سیاسی، یەکهەڵوێست و بە یەکگرتوویی بەگژیدا بچینەوە .رەنگە بۆ هەلومەرجێکی وەك ئێستاش باشترین ناوەند و گۆرەپان بەکاربردنی ناوەندەکانی ئەورووپا بێت کە رەوەندی کوردی پێکەوە بۆ بەئاگاهێنانەوەی جیهان لەم پیلانگێرییە خۆپیشاندنی گەورە رێکبخەن .

سەرچاوە: ماڵپەری ڕووداو